

# هەڵبەست

## مامۆستا

هۆشەنگ شێخمحەمەد

من حەز ئەکەم.. مامۆستاکەم
وەکو برا بچکۆڵەکەم.. یاوەرم بێت..
وەکو دایکم خۆشی بوێم..
وەک باوکیشم.. لێم نزیک بێت..

* * *

من حەز ئەکەم.. مامۆستاکەی وانەی کوردی
فێرم بکات زۆر بەوردی
زمانی کوردیم لەگشت زمانان خۆشتر بوێت

* * *

من حەز ئەکەم لە مێژوودا
داستانی کورد.. وانەی ئەنفال بخوێنمەوە..
تاتێبگەم بەهارەکەی هەڵەبجەیان بۆچی سووتاند..
ماڵی باپیرەمیان بۆچی رووخاند..؟

* * *

من حەز ئەکەم.. جوگرافیای وڵاتەکەم
وەک حەوشەکەی ماڵەکەی خۆم..
بست بەبستی پێ بزانم..
بزانم لەکوێی بەفر ئەبارێ و..
بزانم لەکوێ ئاو دەرئەکات..،
ئاسمانیشی تاکوێ ئەبێ بەسەیوانم

* * *

ئەی مامۆستا.. بەم پێنووسە..
رەنگی گوڵ و ناوی چیا و
تەیرەکانی کوردستانم بۆ بنووسە..

